**زانکۆی هەڵبجە-کۆلێژی زانستە**
**مرۆڤایەتیەکان**
**بەشی جوگرافیا**
**قۆناغی دووەم**

# کا ری گە ریی کردارە جیمۆرفۆلۆجیە کان لە سە ر توێکڵی زە وی

ئاما دە کردنی
محمد عبدلفتاح

بە سە رپە رشتی
م. هێمن کمال

# 1-كاریگەری(با)لەپێكهێنانی ڕووی زەویدا:

*بابەیەكێك لەهۆكارەگرینگەكان دادەنرێت كەدەبێتەهۆی دروست بونی شێوەكانی زەوی،وەتوانای بالەكرداری داتاشیندالەم بارودۆخەژینگەیە دازۆرە:

1-ژینگەئاوهەوایەبیابانیە وشكەكان.

2-ناوچەتەختەكان(ڕووەیەكسانەكان)وەك ناوچەدەشتایەكان.

3-ئەوناوچانەی كەڕووەكی تێدانیە (ڕوتەنن وڕووەكی سروشتی لێنیە ).

4-ئەوناوچانەی كەواتاییەتن لەروی بونی بای بەهێزوخێرایانشێواندنی (تێكهەڵچوون)ی هەوای تێداروودەدات.

وەبادەبێتەهۆی روودانی چەندین كردار،وەك كردارەكانی داتاشین و گواستنەوە ونیشاندان،بەڵام گرینگترین ئەوكردارانەی كەلەئەنجامی داتاشینی باوە دروست دەبن بریتین لە:

# 1- بەگەردیلەبوونی هەوایی (پرشاندنی هەوایی):

کرداری داتاشین لێرەدابەهۆی جولەی دەنکۆڵەکانەوەبەڕێگەی بازدان (هەڵبەزینەوە)بەدرێژای ڕووی زەوی(ئەوزەویەی کەدنکۆڵەکان لەکاتی رێکردنیاندابەسەریدادەڕۆن)ڕوودەدات،لەکاتی ڕودانی گەردەلولە لمینەکاندا دنکۆڵەلمینەکان بەبەرزی (25ملم)بەرز دەبنەوە و زۆر بەدەگمەن بەرزیان دەگاتە (1م)ئەم دنکۆڵانەش لەسەر زەوی بەرز دەبنەوە جارێکیتر بەرڕووی زەوی دەکەونەوەو بەرزدەبنەوە،بەم شێوەیەکردارەکەبەردەوەم دەبێت تاگەردەلولەکە بونی هەبێت(بەردەوام دەبێت).

# 2-داخوران(شیبونەوە -کلۆربوون-پوکانەوە )

با هەڵدەستێت بەداتاشینی ڕووەکی بەردین لەڕێگەی هەلگرتنی دنکۆڵەلمینە وردەکان وبەرکەوتنی بەڕووەدیارەکان،وەئەم کردارەش پشت دەبەستێ بەخێرای باوزبری ڕوەکە،وە ئەم کردارە ناودەبرێت بە (کشگ)وە هەروەها ئەم کردارەبەشێوەیەکی گشتی نزیك لەڕووی زەوی ڕودەدات،ئەمەش بەهۆی خزانی ودنکۆڵەکانەوەیە لەسەر ڕوی زەویدا.

# ئەوشێوە بەرزونزمانەی کە لەئەنجامی داتاشینی بادروست دەبن:

لەئەنجامی داتاشینی(با)وە شێوەی بەرزو نزمی زەوی و جۆراوجۆر دروست دەبێت،لەوانەش:ئەوشێوانەی کە لەئەنجامی کرداری داتاشین دروست دەبن،وە ئەو شێوانەی کەلەئەنجامی کرداری نیشتنەوە دروست دەبن.

# بەڵام گرینگترین ئەو شێوانەی زەوی کەلەئەنجامی داتاشینی (با)دروست دەبن بریتینلە :

1-مێزی بیابانی یان دیاریدەی قارچك:

بەهۆی ڕودانی کرداری داتاشینی بایەك کەلمی هەڵگرتووەلەوناوچانە ی کەپێکهاتەی بەردینی نەرمی هەیەلەبنکە کەیدا(نزمایدا)،دەبێتەهۆی ئەوەی کە داتاشینی(داخورانی)چینەنەرمەکانی خوارەوەزیاتربێت لە داخورانی چینەکانی سەرەوە (بەهۆی پتەوی وڕەقیەوە )،ئەمەش دەبێتەهۆی دروست بونی دیاریدەی مێزی بیابانی و ئە دیاریدەیەش بەزۆری لەناوچەبیابانیەکاندا دروست دەبێت.

# شێوەی مێزی بیابانی یان (قارچك)



# ئەمەشیان شێوەیەکی تری مێزی بیابانی



## 2-ستونی بیابانی:

بەهۆی کاریگەری (با)لەسەر داتاشینی بەشەنەرمەکان ومانەوەی بەشە ڕەقە ستونیەکان لەسەرشێوەی ستون ئەم دیاریدەیە دروست دەبێت.

## 3-هەڵکۆلراوەگەردیلەیەکان(چاڵەبیابانیەکان):

ئەم چاڵانەبەهۆی نیشتەنی ئاویەوەلەنزمای بیابانەکاندا دروست دەبن،وەهەر کاتێك ئاوی بنکەکە وشك بوو،ئەوا ئەو بنکەقوڕینەی کەدروست بووەدەست دەکات بەقڵێشان و(با)یش هەڵدەستێت بەگەردیلە کردنی چینەقورینەوردەکە لەناوەڕاستی چاڵەکەدا،بەبەردەوام بوونی ئەم کردارە قوڵیەکەی زیاد دەکات وچاڵ ونزمایی بیابان دروست دەبێت کەهەندێ جار ئەم نزمایانە قوڵیان دەگاتە زیاترلە (15م).

## 4-زەوی حەماد:

بریتیە لەڕویەکی تەختی تەندراو(داپۆشراو)بەچەو،کەئەم ڕوە چەویە دوای لابردنی (لاچونی)مادەنەرمەکان دەرکەوتوە و ڕوبەرێکی فراوانی داپۆشیوە وەك ئەوەی کە لە ئەردەن ولیبیا هەیە.

## 5-گردی بیابانی دابڕاو:

ئەم گردانەلەئەنجامی لاچونی بەشێکی گەورە لەڕویەکی بەردین بەهۆی (با) وە دروست دەبن،بەشەکانی دیکەی بەردەکە دەمێنێتەوە و لەسەرشێوەی گردی دابڕاوی تاك دەردەکەون.

# ئەوشێوانەی کە لەئەنجامی نیشتنەوەی (با)دروست دەبن

## 1- تەپۆلکەی لمین:

تەپۆلکەی لمین لەسەرەتادا بەهۆی بوونی بەربەستێکی سروشتی لەبەردەم ئەو بایانەی کەلمیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە دروست دەبێت،وەك بونی قامیشە لان و گردۆلەکە یان بەرد یان دەوەن کەدەبنە بەربەست لەبەردەم بایەکاندا و بەم هۆیەشەوەئەومادانەی کەبایەکان هەڵیان گرتوەلەبنی ئەم بەربەستانەدا دەنیشن و بەزیادبونی بڕی نیشتەنیەکەش تەپۆلکەی لمی دروست دەبێت وە جۆرەکانی تەپۆلکەی لمین بریتین لە تەپۆلکەی هیلالی و تەپۆلکەی پانکۆلایی

## 2-شەپۆلە لمینەکان:

برتین لەشەپۆلی لمین ولەسەرڕوی زەوی دروست دەبن و بەرزیان دەگاتە (70سم)ودرێژیان دەگاتە نزیکەی (20سم)،ئەمەش پشت بەخێرایی (با) و قەبارەی مادەکان دەبەستێ.

## 3- ڕەگە لمینەکان:

بریتین لەناوچەیەکی فراوانی بیابانی کە داپۆشراوە بەتەپۆلکەی لمین.

## 4-خاکی لویس:

بریتیە لەدنکۆڵەی زۆر نەرم،کەگەردەلولە تۆزاویەکان بۆماوەیەکی زۆر هەڵیان گرتوە و لەکاتی کەم بونەوەی خێرای بایەکەدا ئەم مادده نەرم و وردانەدەنیشن وناودەبرێت بەخاکی لەیس.

# ئەمەش وێنەی تەپۆلکەی لمی لەبیابانەکان کەبەهۆی هەڵکردنی باوە دروست بونە





# کاریگەری ئاولەپێکهاتنی سەرڕووی زەویدا:

ئاوی ڕۆشتوو وسەرجەم ئاوە ڕێکردووەکانی دیکەی وەك ڕوبار و دۆڵەکان کاریگەریان هەیە لەسەر پێکهاتنی سەر ڕووی زەوی،ئەمەش بەهۆی ڕودانی
کردارەکانی داتاشین وگواستنەوە و نیشتنەوە دەبێت،وە کرداری داتاشینی ئاوی لەو ژینگەشێدارانەی کە ڕویەکی زۆرتر ڕودەدات.
کرداری داتاشینی ئاوی لەڕێگەی دۆڵێکی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات،کە بریتیە لەجۆگەلەیەك کەلەئەنجامی کۆبونەوەی ئاووبونی باران لەسەر ڕویەکی (ڕوبەرێکی)زۆر لێژدروست دەبێت،ئەم کردارە بەزۆری لەناوچەچیاکاندا ڕودەدات،ئەم جۆگەلانەش پۆلێن دەکرێن بۆ (3بەش)،کەحەوزی کەڵەکەبو (کۆبوونەوە) لەبەشەکانی سەرەوەی جۆگەلەکەدا دروست دەبێت کەلەقۆناغی یەکەمدا لەکۆمەڵێك ڕێژگەی بچوك پێك دێت،

دواتر ئەم ڕێژگانەبەیەك دەگەن وبەشی دووەمی دۆڵەکە دروست دەکەن کەپێ دەگوترێت ڕێڕەوی گشتی(جۆگە)،پاشان ڕێڕەوەگشتیەکە بەردەوام دەبێت لە ڕێکردن(ڕۆشتن)تا دەگاتەناوچەی ئاوڕێژگە،کەئەمیش بەشی سێیەمەوپێی دەگوترێت ناوچەی قوچەکی دەربازکردنی لافاو.

بەبەردەوام بوونی ڕێکردنی ئاو لەجۆگە و لق ودۆڵەکان وڕێڕەوەئاویەسەرە کیەکاندا کرداری داتاشینی لاپاڵەکان بەردەوام دەبێت ودەبێتەهۆی ڕودانی ڕاماڵینی خاکی ڕوی زەوی و ڕودانی خزان بەهۆی ئەوئاوەوە لەناوچەلێژە کاندا و بەردەوام بونی قوڵ بوون و پان بونی دۆڵەکان و بەردەوامێتی گۆڕانی ڕوی زەوی.

# ئەمەش وێنەیەکی ناوچەیەك کە بەهۆی ئاوەوە داخوراوە



# توانای ئاولەکرداری داتاشیندا دەوەستێتەسەرئەم هۆکارانە:

## 1-خێرای ڕێکردن(ڕۆیشتن):

کرداری داتاشین زیاد دەکات بەزیادبوونی حێرای ئاوی ڕێکردوو،ئەمەش دەوەستێتەسەر پلەی لێژی،هەرچەندپلەی لێژی زیاتربێت خوورای ئاو زیاتر دەبێت وەبەمەش کرداری داتاشین زیاتر و چالاکتر دەبێت.

# 2-بڕی لەبەر ڕۆشتنی ئاو:

بریتیەلەبڕی ئاوی ڕۆیشتو لەپانەبڕگەی ڕێڕەوی ڕوبارەکان وبە (م2/چرکە) دەپێورێت،وە توانەی ڕووبار لەداتاشیندا بەزیادبونی بڕی لەبەرڕۆیشتنی ئاو زیاد دەکات،بەشێوەیەکی گشتی بڕی لەبەرڕۆیشتنی ئاو لەوەرزە شێدارەکاندا زیاددەکات،بەتایبەت لەکاتی ڕودانی لافاودا توانای ڕووبار لەداتاشین و گواستنەوەونیشاندن زیاد دەکات.

ئەوزەویانەی کەبارانیان لەسەردەبارێت و بارانەکەش(ئاوەکە )دوای گەشتن بەڕوی زەوی بەئاراستەی یەك ڕێڕەوی سەرەکی دەڕوات(دەڕژێتەیەك ڕێڕەوی سەرەکی)ناودەبرێت بەئاوەزێڵی ڕووبار(حەوزی ڕووبار)،وە ئەو ناوچەیەی کەدەکەوێتەنێوان ئاوەزێڵێك و ئاوەزێڵێکی دیکە پێی دەگوترێت هێڵی دابەش بونی ئاوی نێوان ڕووبارەکان،بەشێوەیەکی گشتی ڕێڕەوەئاو یەکان دابەش دەبن بۆسێ بەش،کەبەشی یەکەم بریتیەلە ئاوەزێڵی سەروو

ئەم ناوچەیە لقەکانی بچوکن و سەرچاوەی ڕووبارەکان پێك دێنن،پاشان بەشی دووەم کە ئاوەزێڵی ناوەندە (ناوەڕاستە )و زۆربەی دۆڵەکانی ئەم بەشە بچوکن،پاشان بەشی سێیەم کەئاوەزێڵی خواروەوە،کە بەگشتی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە کۆتایی ئاوەزێڵی ناوەڕاست تادۆڵەکە یان ڕووبارەکەدەڕژێتە ئاوڕێژ گەکەی(ئاوڕێژگەی کۆتایی)، وە بەگشتی ڕووبارەکان خاوەنی دوو بڕگەن، کە ئەوانیش درێژەبڕگەی ڕووبارو پانە بڕگەی ڕووبارن،درێژەبڕگەی ڕوبار بریتیە لەدرێژی ڕێڕەوەکە (ڕێڕەوەئاویەکە )لە سەرچاوەکەیەوەتا ئاوڕێژگە کەی،بەڵام پانەبڕگەی ڕووبار لەئاوەزێڵی ڕووباردا بریتیەلەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان دوو لای دۆڵەکە (ئەو ناوچەیەی کەئاوی تێدایە و لایەکانی دۆڵەکەی بەیەك گەیاندووە )

# بوە تە هۆ ی داتاشینی ڕێگاکە



سەرجەم شێوەکانی ئاوی تێدارێکردووە کەتێدەپەڕن بەسەر ڕوی زەویدا کاریگەریان هەیەلەسەر داتاشینی ڕووی وکاریگەردەبن بەم هۆکارانەی خوارەوە:

1-زۆر لێژی ڕووەکان:

توانای داتاشین پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ زیادبونی لێژیدا،واتە هەرچەندە لێژی زیاد بکات،داتاشینیش زیاد دەکات.

2-جۆر نیشتەنی ڕووی لەناوچەکەدا وجۆروپێکهاتەی بەردەکانی.

3-ڕووەکی سروشتی (بەرگی ڕووەکی):

بوونی بورگی ڕووەکی دەبێتەهۆی کەم کردنەوەی کرداری داتاشین،بەپێچەوا نەوەنەبونی بەرگی ڕووەکی (ڕووتەنی ناوچەکە)کرداری داتاشین زیاد دەکات

4-بارانی خوڕ(بەهێز)وبەردەوام بوونی:ناوەندی ڕامالّین زیاد دەکات بە زیادبوونی بڕی باران وبەردەوام بوونی بۆماوەیەکی زۆر (درێژ).

5-چالاكیە مرۆیەجیاوازیەكان:

كاریگەریان هەیە لەسەررووی زەوی،وە لەو چالاكیانەش (ئاودانی زیاد لەپێویست،برینی دارستانەكان- دروست كردنی رێگاو بڵاوكردنەوەی شارەكان لەسەر زەوی كشتوكاڵی و دارستانەكان).

# ((سەرچاوەکان))

1-دەروازەیەك بۆ زانستی جوگرافیای سروشتی:

نوسنی :

د.حسن ابوسمور

د.علی غانم

وەرگێرانی:

ئوسامە ئەشرەف محمد هەڵەبجەی

2- سودم لە ئەنتەرنێتیش بینیوە بۆ وێنەکان.

سوپاس هاوڕیان بۆگوێگرتنتان
لەم سیمینارە
هیوادارم سودی بۆتان هەبووبێت
لەگەڵڕێزم بۆهەمووتان